ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی ئاشکرای دەکات کە هێرشەکانی تورکیا بە سەر هێرەمی کوردستان زیادی کردووە

لە راپۆرتێکی ڕێکخراوێکی ئەمریکی هاتووە، کە هەفتەی یەکەمی دوای ڕاگەیاندنی بانگەوازی ئاشتی عەبدوڵا ئۆجەلان، ڕێبەری پێکەکە، ژمارەی بەردوومانەکان بەراورد بە دواین هەفتەی پێش ڕاگەیاندنی بانگەوازەکە بە ڕێژەی ١٤٥% زیادیکردووە.

بەگوێرەی راپۆرتی ڕێکخراوەی Cpt ئەمریکی، هێرشەکانی سوپای تورکیا لە مانگی ئادارادا، بەراورد بە مانگی کانوونی دووەم، بە ڕێژەی 12% و بەراورد بە مانگی شوبات، بە ڕێژەی 21% کەمی کردووە، لە مانگی ئادارادا، سوپای تورکیا 55 هێرشی بە سەر سنووری پارێزگای هەولێر و 51 هێرشی بەسەر سنوری پارێزگای دهۆک و 12 هێرشیشی بەسەر سنووری پارێزگای سلێمانی ئەنجامداوە لە مانگی ئادارادا هیچ هێرشێک لە سنووری پارێزگای موسڵ ئەنجامنەدراوە.

ڕێکخراوەکە راشیگەیاند، هێرشەکانی سوپای تورکیا بەسەر سنوری پارێزگای هەولێر لە مانگی ئادارادا، بەراورد بە مانگی شوبات 120% زیادیانکردووە.

ئاماژە بەوەشدەکات کە سوپای تورکیا لە مانگی ئادارادا، 5 ئەشکەوتی سروشتی بە بەکارهێنانی "تی ئەن تی" تەقاندەتەوە.